کۆماری عیراق
وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن
دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی
زنجیرەی ژمارە (٢٢٨)

ببلیۆگرافیای

دوو سەد ساڵی کتێبی کوردی

١٧٨٧ - ١٩٨٦

44867

مصطفی نەریمان

Preview sample - page 1 of 7 - Soran University Academic Digital Library

٦٨٤٤
٠١٠
زانکۆی سەڵاحەدین
فاکەڵتیی ئەدەب
کتێبخانەی فاکەڵتیی ئەدەب
بەشی :
ژمارەی تۆمارکردنی کتێب :
بەرواری تۆمارکردنی کتێب :
٤٤٨٦٧

کۆماری عیراق
وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن
دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
زنجیرەی ژمارە (٢٢٨)

ببلیۆگرافیای

دوو سەد ساڵی کتێبی کوردی

١٧٨٧ - ١٩٨٦

مصطفی نەریمان

١٩٨٨ی زایینی - ١٤٠٩ی کۆچی - ٢٦٨٨ی کوردی

Preview sample - page 2 of 7 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

ساڵی ١٩٠٤ مێژوونوس (چارل فکتۆر ١٨٦٤ ـ ١٩٢٩) وتویەتی (ئێمە چی پێویست ئەکات بیکەین بۆ ئەوەی جەماوەر بتوانێت بەوردیو بەخێرایی لە سەرچاوەی ئەو کتێبانە بگەن کە بڵاوکراونەتەوە ؟ چۆن چۆنی کتێبی ناو کتێبخانەکان ریزبکرێن تاوەکو هەرکەسێك بتوانێت بە ئاسانی سودیان لێوەربگرێت ؟) بۆ وەڵام دانەوەی ئەم دوو پرسیارە ببلیۆگرافیا نوسین بەشێوەیەکی نوێ پەیدابوو(*) :

ووشە تێهەڵکێشراوی (ببلیۆگرافیا) لە سەرچاوەدا یۆنانی کۆنەو لە دوو بەش پێکهاتووە (ببلیۆن) واتە کتێب (گراف) نوسین ، بەمانا (زانستی لەسەر کتێب نوسینەوە)یا لەسەر کتێبخانەکان یا لەسەر هەر بەرهەمێکی بیرکردنەوە ٠

دەشتوانین بڵێین (هونەری زانست کۆکردنەوەیە دەبارەی بەرهەم بۆئەوەی بکرێتە لیستەو بخرێتە بەردەست و بناسرێت)٠ جیاوازی نێوان ببلیۆگرافیاو ـ پێرست (فهرست Catalogu ئەوەیە کە پیرست دەربارەی بەرهەمی یەك کتێبخانە یان چەند

★ بڕوانە کتێبی (الببلیوغرافیا ٠ ترجمة بهیج شعبان ٠ منشورات عویدات بیروت ١٩٧٤ ٠

Preview sample - page 3 of 7 - Soran University Academic Digital Library

کتێبخانەیەکە بەڵام ببلیۆگرافیا زانستێکی گشتیە(*) .

نوسینی ببلیۆگرافیا لەیەک دەقو قاڵبدا نەمەیوە بەڵکو بەپێی گۆڕانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرەو پێشەوە هەنگاوی ناوە . ئەگەر بڕوانینە مێژوی پیرست دانان بۆ کتێبی عەرەبی (معجم الادباء)ی یاقوتو (وفیات الاعیان)ی ئیبن خەڵکانمان ئەکەوێتە بەرچاو ، لە رۆژگاری ئەمرۆمانیشدا مامۆستایان (یوسف داغر ، رضا کحاله ؛ خیرالدین زەرکەلی ، میخائیل عەواد ، عبدالجبار عبدالرحمان) دەوریان گێڕاوەو بەرهەمێکی زۆریان دەربارەی پیرست نووسیوەتەوەو پێشکەشیان کردووە .

لە ئەوروپا لەسەدەی نۆزدەهەمەوە ئەم زانستە پەیدا بووە (قەشە جوهان تریشیم ١٤٦٢ ـ ١٥١٦) کتێبێکی دەربارەی دانەرانی کتێبی ئاینی فەڵەیی داناوە . بۆ یەکەمجار لە فەرەنسا ساڵی ١٦٣٣ز ووشەی (ببلیۆگرافیا) لەلایەن (غبریال نودیه)وە بەکار هێنراوەو کتێبێکی بەناو (ببلیۆگرافیای سیاسی)یەوە داناوە زانکۆی فەرەنسی ساڵی ١٧٦٢ بەشێوەیەکی ڕەسمی ئەم ووشەیەی قبوڵکردووە .. لەساڵی ١٩٥٠دا لەپاریس یەکەم کۆنگرەی جیهانی بۆ کاروباری ببلیۆگرافیا کۆبوەتەوەو لەم کۆنگرەیەدا بریار دراوە هەر دەوڵەتێک بۆ کتێبەکانی خۆی

★ بڕوانە ـ نەریمان ببلیۆگرافیای کتێبی کوردی ، ١٩٧٧ ، ل ٧

Preview sample - page 4 of 7 - Soran University Academic Digital Library

ئەبێ ببلیۆگرافیایەکی نیشتمانی دابنێت ، لەو ببلیۆگرافیانەوە ببلیۆگرافیایەکی جیهانی دێتە کایەوە .

وولاتانی عەرەب لە هەفتاکانەوە گرنگیان داوەتە ببلیۆگرافیای کتێبی عەرەبی ئەوەبو دووەم کۆنگرەی ئامادە کردنی ببلیۆگرافیای کتێبی عەرەبی رۆژانی (٣-١٢)ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٧ لە بەغداد کۆبوونەوە منیش لەبەشێك لەو کۆبونەوانەدا - وەك گوێ گرێك - ئامادە بوم و کەڵکم لە بریارەکانی ناو کۆنگرەکە وەرگرتوە .

لە زاناکانی کوردی خۆمان (ئیسماعیل پاشای بابان) دوو کتێبی لەسەروو دووبەرگدا دەربارەی ببلیۆگرافیای کتێبی عەرەبی داناوە (یەکەمیان) ایضاح المکنون في الذیل علی کشف اسامي الکتب والفنون چاپی ١٩٤٥ و ١٩٤٧ لە ئەستەمۆڵ (دووەمیان) هدیة العارفین لاسماء المؤلفین وآثار المصنفین چاپی ١٩٥١و ١٩٥٥ لە ئەستەمۆڵ . نوسەری ئەم کتێبەش لەم مەیدانەدا ببلیۆگرافیایەکی بۆ ئەو کتێبە عەرەبیانە دانا کە نوسەرەکانیان کوردن ، (ما اسداه الاکراد الی المکتبة العربیة چاپی ١٩٨٣) .

منو ببلیۆگرافیا :

لە پەنجا ساڵ لەمەوە پیشەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ کتێبی کوردیدا پەیدا کردووەو کەوتومەتە پێو شوێنی کتێب خوێندنەوە ، لەساڵی ١٩٤٣ یيشەوە لە رۆژنامەو گوڤارەکانماندا نوسینم بڵاوکردوەتەوەو لە ١٩٥٣شەوە کتێبم داناوە ، لە دوا ساڵی پەنجاکاندا هەستم بەوەکرد هەر کتێبێکمان چاپکراوەو بڵاو

Preview sample - page 5 of 7 - Soran University Academic Digital Library

بوەتەوە پاش چەند ساڵێك دانەی لە بازردا نەماوەو ناویشی لەبیر چوەتەوە ، بیرم لەوە کردوەتەوە ئەبێ ناونیشانی سەرجەمی کتێبەکانمان لە تۆمارگەیەکدا بپارێزرێت ، هاتم بە بەرهەمی ساڵەکانی پیشوماندا چومەوە بەپێی تواناتا ساڵی ١٩٥٩ ناونیشانی (٤١٠) کتێبم کۆکردەوەو ڕیزم کردن ، پێش ئەوەی ئەم کارە زانستییە بەچاپ بگەیەنم ڕەشنوسی ئەو بەرهەمەم بەکاڵی خستە بەردەست حەوت نوسەری ناسراوی ئەو سەردەمە ، ئەوانیش ئەم کارەی منیان پەسەندکردو تێبینی خۆیان دەربڕی ، منیش هاتم لە ساڵی ١٩٦٠دا بەیارمەتی وەزارەتی مەعارف ــ پەروەردە ــ کتێبەکەم چاپکرد ، ئەمەش چەند دێڕێکە لە بیروڕای ئەو نوسەرە بەڕێزانە :

١ ــ نجم‌الدین مەلا (١٨٩٨ ــ ١٩٦٢) « ... ئەبینین وولاتە پێشکەوتووەکان کە نوسەرەکانیان کتێبێك دابنێ دەمو دەست چاپخانەیەکی بەنرخێکی گران لێی وەرئەگرێو لەسەرئەرکی خۆی چاپی ئەکاتو بەهەزاران نوسخەی لێ بلاو ئەکاتەوە ، بەڵام گەلی کورد لەم بەهریە بێبەشە ئەگەر نوسەرێکمان بەهەزار دەردو کوێرەوەری کتێبێك دابنێو چاپی‌بکات زیانی لێ ئەکات ئەبێ وەکو دانویلەی باپیراجی بەخۆڕایی‌و بەخێری مردووان بی‌بەشێتەوە ، خۆئەگەر ڕوونوسی ئەم کتێبە نەما وەها ئەکزی ئیتر ببڕای ببڕ جاری دووەم چاپ ناکرێتەوە ، لەم ڕوەوە زۆر کتێبی کوردی واهەیە چل ساڵ ئەبێ چاپکراوە وائێستا ڕوونوسی دەست

Preview sample - page 6 of 7 - Soran University Academic Digital Library

ناکەوێو ئەم چینی خوێندەوارانی تازەیە هێشتا نەیان دیوە • جا سوپاس بۆ مامۆستای مەزن کاکە نەریمان کە پێرستی ئەم کتێبخانە کوردییەی بەپێی قەوارەو لاپەڕەو ناوەرۆکی هێنایە کایەوە • بەم بۆنەیەوە مامۆستای ناوبراو بەم پێرستە کتێبخانەی کوردستانی زیندو کردەوەو هونەرێکی وای‌نواند کەتا ئەمرۆ بەبیری کەسدانە هاتوە) • کتێبخانەی کوردی ، ل ۷۰ ـ ۷۱ •

۲ ـ شێخ محمدی خاڵ (••• کردەوەکەتان جوانو پەسەندە شتیوا بەهەموو زوبانێك نوسراوە هەر زوبانی کوردی بو نەیبو وا بەسایەی ئێوەوە ئەم کەلەبەرەشی پڕ بوەوە ، هەمیشە داوای سەرکەوتنتان ئەکەم)هەمان سەرچاوە ، ل ۷۱ •

۳ ـ مامۆستا علاءالدین سەججادی (۱۹۰۷ ـ ۱۹۸٤) (••• لەم رۆژانەدا بەباوەڕێکی نوێوە مامۆستایەکی دڵسۆزی وەکو کاك نەریمان ئەم زانیاریەی داینێ کە هەموومان بزانین لەبەرهەمی بیرو باوەڕمان لەرۆژەکانی رابوردومانا چی هێناوەتە بەرهەم بەهەستێکی مەردانە کەوتە سەر کۆششێکی ئەوە کە کتێبی کتێبخانەی کوردی بخاتە ناو کتێبخانەی کوردییەوە • بەراستی ئەم فرمانە نایابەی شایانی سوپاسەو شیانی ئەوەیە کە هەموو دەم ئاواتی زیادبونی وێنەی ئەم جۆرە مامۆستایانە بین • بۆ ئەوە بەو دڵە پاکەوە کە ئەم خزمەتە جوانەی کردین بەو جۆرە خزمەتی نەتەوەکەمان بکەن • من لەلایەن خۆمەوە

Preview sample - page 7 of 7 - Soran University Academic Digital Library